# منداڵبوون

LIDA Italia
Sara Dorthea Johannesen
Dler Piran
4
کوردی ckb

سەلامەویت ۲۹ ساڵە. ئەو یەکەم منداڵی بوو لە ئێریتریا. ئەو و خێزانەکەی کاتێکی سەختیان هەبوو لەوێ، بۆیە بڕیاریاندا بچنە ئیتاڵیا.

ئینگ بەرلەوەی ببێتە 19 ساڵ ماڵی بەجێهێشت. ئەو چوو بۆ نەرویج و یەکەم منداڵی لەوێ بوو.

کاتێک سەلەویت سکپڕ بوو بە منداڵی دووەمی، بیری دەکردەوە چۆن دەبێت منداڵێکی لە وڵاتێکی جیاوازدا ببێت.

سەلهویت و ئینگ لە پێشینەی زۆر جیاوازەوە هاتوون. سەلهویت هەستی بە سەلامەتی کرد چونکە ئەزموونی منداڵبوونی هەبوو. ئینگ قسەی لەگەڵ دایکی کرد لەبارەی منداڵبوون.

هەردوو ژنەکە ئەوەیان بیستبوو کە لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا ژنانی دووگیان مافی چاودێریکردنی پێش منداڵبوونیان هەیە. ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەوان یارمەتی دەدرێن لە ماوەی دووگیانییەکەیان. سەلامەویت هەر کە زانی دووگیانە وادەیەکی لەگەڵ دکتۆرەکەی دانا. مێردەکەی سەلامەویت ئەوی برد بۆ لای دکتۆرەکە.

دکتۆرەکە هەندێک پشکنینی بۆ کرد و بۆی دەرکەوت کە سەلوویت جۆرێک لە شەکرەی هەیە کە هەندێک ژنی دووگیان تووشی دەبێ.

پێویست بوو ئەو خواردنی تەندروست بخوات و ڕاهێنان بکات.

سەلوویت خۆشحاڵ بوو کە زوو چووە لای دکتۆر، بەر لەوەی خۆی و منداڵەکەی نەخۆشی بگرن.

کاتێک دراوسێی ئینگ بیستی ئەو هەوڵدەدات منداڵێکی ببێ، دراوسێکە پێی گوت هەر کە زانی دووگیانە بچووی بە دکتۆرێک بکەوێ. بەوجۆرە دەتوانێ دڵنیابێتەوە کە خۆی و منداڵەکەی سەلامەتن. دکتۆرەکە پێی گوت کە ترشی فۆلیک وەرگرێ، کە ڤیتامینێکی گرنگە بۆ ژیانی دووگیان.

ئینگ و دکتۆرەکەی رێککەوتن کە ئەو دەبێ چاوی بە مامانێک بکەوێ بۆ پشکنینی ماوەماوە لەماوەی دووگیانییەکەیدا. مامانەکە ئامۆژگاری پێیدا لەبارەی خواردن و پشوودان، لەگەڵ زانیاری لەبارەی ئەوەی چۆن خۆی و منداڵەکەیشی و سەلامەت بهێڵێتەوە.

هەردوو ژنەکە منداڵی تەندروستیان بوو. سەلهویت کوڕێکی تری بوو، لەکاتێکدا ئینگ کچێکی بوو. مێردەکانیان زۆر شانازیان دەکرد، وە بە هەموو کەسێکیان دەگوت کە دەربارەی ژنە بەهێزەکانیان و منداڵە تەندرووستەکانیان زانیویانە.

# LIDA Stories

lidastories.net

## منداڵبوون

LIDA Italia
Sara Dorthea Johannesen
Dler Piran

CC BY